# شێوازەکانی پاراستن و نۆژەنکردنەوەی بیناسازی شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی شارۆچکەی کفری

**پ.ی. د. ئاراس اسماعیل خضر**
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بەیان، هەولێر
**م. کارناس علی محمد صالح**
زانکۆی گەرمیان

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٥ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

شێواز و پاراستنی بیناسازی شوێنەواری و دیزاین و هێلکاری دەرگاو دەروازە و هونەری نەخش وزەخرەفەی سەر دەرگاکان و نەخشاندنیان. چۆنیەتی نۆژەنکردنەوەی پاراستنیان یەکێکە لەو شێوازانەی کەبەدەستی مرۆڤ دەنەخشێندرێت تواناو دەست ڕەنگینی هونەرمەند نیشان دەدات کەلە مێشک و خەیاڵی خۆیدا دیزاینی دەروازە و دەرگاکانی کردووە، دواتر ئەم بیرۆکەیە دەخاتە سەر ئەو کەرەستەی کە ئارەزووی دەکات شێوازی دەرگاکەی لێبەرهەم بێت بۆدەرخستنی کارەکەی. و هێکاری ئەندازەیی و تەواوی کاری بیناسازی و تەلارسازی جێماوە شوێنەوارییەکانی کە لە دەڤەری ئیدارەی گەرمیان ناوچەی کفری بە تایبەت وەك مشتە وەرمانگرتووە، جا ئەو شێوازی هێلکارییەکان کاریگەری سروشتیان لەسەر بێت یان کاریگەریان لەسەر بیروڕەوشی ژیانی مرۆڤەکان کردووە، مرۆڤ لەهەر ژینگەیەکدا ژیابێت، پلانی ئەو توێژینەوەیە لە چەند تەورەریەك پێکدێت لەگەڵ کورتەیەک دەربارەی نووسینی جوگرافی و مێژوو شارستانەتی ناوچەکە، لەگەل سەرچاوەکان، لەم لێکۆڵینەوەدا بۆهەر شاۆچکەیەك چەند مشتەیەکمان بەکارهێناوە بەشێوەی داتا ڕێکخراوە.

لە یەکێك لە تەوەرەکان باس لە شوێنی جوگرافی و مێژووی و ناوی کفری کردووە بەتایبەتی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی میرنشینی بابان،، لەم تەوەرەدا باس لە شوێنی جوگرافی و مێژوو ناوی کفری و گرنگی شوێنەکە کراوە بەگوێرەی بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکان. لێرەدا باس لە مێژووی درو ستکردنی ئەم نمونانە دیکەین لەگەل جۆری بەرکارهێنانی دەروازەو دەرگا و لە سۆنگەی ئەو نمونانە. تەنانەت باس لە شێوازەکانی پاراستنی جێماوە شوێنەوارییەکان کراوە وەهەروەها چارەسەری گونجاو بۆ زیاتر پاراستنی شارستانیەتی کورد و ناوچەی کفری بە



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تایبەتی. سەرباری ئەوەی بەشێك لە و جێماوە شوێ"ەوارییانە دووچاری لە ناوچوون و رووخان بوون جا بەشێوەی سروشتی بێت یاخود کاری دەستی مرۆییەوە کاریگەری لەسەر لە ناوچوونیان کردبێت.

**کلیلە ووشەکان : شوناس، پاراستن، نۆژەنکردنەوە و کەلەپوور، شارۆچکەی کفری.**

**Abstract**

The city of Kafri is historically considered a civilized identity, defining the national identity and the Kurdistan region, in addition to being the source of the creation of cities and civilizations The design and preservation of archaeological architecture, the design and layout of the doors and doors, the art of carving and the decoration of the doors. The way in which they are restored is one of the methods that are carved by human hands, showing the artist's ability and hands to design the gates and doors in his mind and imagination, and then he adds this idea to the material from which he wishes to produce the shape of the door to show his work. And the geometric sketches and all the architectural and architectural work of the archeological remnants that we have received in the Garmian administration area of Kfri region especially as a fist, whether the style of the diagrams has a natural effect on the environment or the way of life of human beings, human beings have lived in any environment, the plan of this research consists of several axes with a summary about the geographical writing and civilization history of the area, along with the sources, in this study, we have used some derivatives for each of the diagrams in the form of The data is organized.. In one of the topics, the geographical and historical location and the name of Al-Kafri are discussed, especially during the period of the rule of the Emirate of Baban, and in this topic the geographical location and history of the name Al-Kafri and the importance of the place according to historical documents and sources. Here we will discuss the history of the creation of these other examples and the type of use of gates and gates in relation to these examples. There was even talk of ways to protect archaeological remains, as well as possible solutions for further protection of Kurdish civilization and the Kafri region in particular. In addition, some of these remains suffered losses and destruction, both natural and man-made, affecting their extinction.. From the sixteenth century onwards, it emerged as a political and military power, because before the advent of the patriarchs, the region housed the most advanced cities and civilizations of the Sassanid, Assyrian and Babylonian periods during the reign of the Baban principality in Sharrazoor, scientists served in the field of science and language to a large extent, and was interested in literature and foreign languages, such as Persian, Arabic and Ottoman Turkish, and studied in the mosques of Kurdistan, and in the regions of Kurdistan there were many famous poets, scientists, writers and mullahs, and they had writing, calligraphy and rhetoric skills.

**Keywords: Identity, Conservation, Restoration and Heritage, Kafri City**

## پێشەکی:

ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی ژیاری و شارستانیەتەوە، ئەم ناوچەیە لەلایەن میرانی بابان خاوەنداریەتی دەکرا سەرەڕای باڵادەستی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەی، بەهۆی ناکۆکی ئایینی و سیاسی ئابووی و ململانێ لەسەر دەست بە سەراگرتنی ناوچەکە، بەڵام میرنشینی بابان لەهەوڵی ئەودا بووە لەڕووی شارستانیەتەوە پێش بکەوێت چ لەڕووی

ئاوەدانی و شارستانی ورۆ شنبیری هاو شێوەی وڵاتانی دەوروبەربێت. لەبواری زانست و رۆ شنبیری تاڕادەیەكی باش گرنگی بەلای زانست وزمان خزمەتی زانایانی كردووە، گرنگی بە ئەدەبیات و زمانی بێگانەداوە، وەكوو فارسی و عەرەبی وتوركی عوسمانی لە ناو حوجەرەمزگەوتەكاندا خوێندراوە، لەناوچەكانی كوردستان شاعیرو و زانای بەناو بانگ و نووسەرو مەلای زۆری تێدا هەڵكەوتوبوو، لەبەهرەی نووسین و خەت خۆشی و ڕەوانبێژیدا زۆر شارەزابوون(بابان. ١٩٨٦، ل٢٠٣) مزگەوت و خوێندنگاو حوجەرەكانی سەردەمی بابان لەو پەڕی گەشەكردندا بوون، وەكوو خوێندنگاو مزگەوتی كفری و بازاری قەیسەری و لە دوای بنیاتنانی شاری كفری دەركەوتنی شاعیران لەبواری ئەدەبیاتی كوردی وەكوو نالی و سالم و كوردی، زمانی ئەدەب و نووسین بوو بەكوردی. لەبواری ئاوەدانكردنەوەدا گرنگی بەلایەنی بیناسازی و پیشە دەستی دراوە، میرنشینی بابان لە بواری ئاوەدانكردنەوەی شارو شارۆچەكەكاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لە بیناسازی سەربازیدا لەسنوری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەكەیدا سەدان قەڵا و شورای بەرگریی و چاودێری لە دەربەندو چیاو بەرزایەكاندا بنیات ناوە.

**١-١: هەڵكەوتەی جوگرافی شارۆچكەی كفری.** ئەم شارە یەكێك لەشارە دێرین و مێژووییەكانی باشووری كوردستان دەكەوێتە دامێنی چیای باواشاسوار ئەم چیایە بەشێكە لەو زنجیرە نیمچە شاخاوییانەی دەستپێدەكات لە زنجیرە چیاكانی كەركوك درێژدەبێتەوە بەرەوە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری كفری(كاكە عبد الله، ئەوانی تر، ٢٠١٩، ل١٦)، لەڕووی شوێنی گەردونییەوە دەكەوێتە نێوان بازنەی پانی (١٥ ٢٥، ٣٤) (٢٥ ١٠، ٣٥) باكوری هێڵی كەمەرەیی زەوی، نێوان هەردوو هێڵی دێژی (٠٠ ٣٠، ٤٤) (٦٠ ١٥، ٤٥)ی، ڕۆژهەڵاتی زەوی، ڕووبەری قەزای كفری بریتییە لە (٢٨٧٨، ١٥كم$^{2}$) ڕێژەی (٥٠، ٦%) ڕووبەری ئیدارەی گەرمیان پێكدەهێنێت، بەرزی لە سەر ئاستی دەردیا (٢٣٠م)ە، ئەم قەزایە سنورێكی بەرفراوانی هەیە، دەستپێدەكات لە ڕۆژهەڵاتییەوە بەدۆڵی (دەرەدۆین) لە باكوورە و درێژدەبێتەوە تا بانی خێلان، لە ڕۆژئاوایەوە درێژدەبێتەو تاوەكو زنجیرە چیاكانی حەمرین بەرەو دەریاچەی حەمرین لەباشوری ڕۆژئاواییەوە، لە ڕۆژهەڵاتیەوە ڕووباری سیروان، درێژدەبێتهوە تادەگات بە سنوری ناوچەیی خانەقین(عزیز، ٢٠١٣، ل٨٣). ناحیەكانی سەر بە قەزای كفری بریتین لە جەبارە و زنانە و سەرقەڵا، ئاوەسپی، كۆكس خان، نەوجل(احمد، ٢٠١٨، ل ١٥٣) شاری كفری لە سەردەمی دەسەلاتی عوسمانیەكانیدا قەزایەك بووە سەربە كەركوك، لەساڵی (١٩٧١ز.) ئیدارەی قەزاكە گۆڕدرا سەربە پارێزگای دیالە(برادۆستی، ٢٠١٧، ل٩). لەباكوورەوە دەستپێدەكات بە زنجیرە چیاكانی قەرەداغ (گوڵان و زەردە) و هەریەك لە ناحیەكانی سەنگاو و قادركەرم لە باكوورەوە، لە سنوری خۆرنەوازانەوە بۆ چیای حەمرین تا سنووری باشووری زنجیرە چیاكانی حەمرین درێژدەبێتەوە كفری دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی شاری بەغداد بەدووری (١٨٩كم)، و باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری كەركوك بەدووری (١٣١كم)، هەروەها پارێزگای سلێمانی بەدوری (١٦٢كم) پارێزگای دیالە لەباشوورییەوە و پایزگای سەلاحەددین لە ڕۆژئاوایەوە. دووری نێوان مەرزی پەرویزخان بۆقەسری شرین (٨٣كم)دەبێت(علی، ١٣٩٦، ل ٢١). كفری پێگەیەكی جوگرافیای گرنگی هەبووە لە كۆندا لەڕووی ئابووی و بازرگانییەوە، دەكەوێتە نێوان بەغداد و ناوچەی سنوری مەرزی پەرویزخان بەرەو ڕۆژهەڵاتی كوردستان ناوەندی بەیەكگەیشتی كاروانە بازرگانیەكان بووە، لەرابردوو و ئێستادا(دەروێش، ٢٠١٧، ل ١٠٣ ١٠٤).

**٢:١- ناوی کفری:**

بە گوێرەی سەردەمەکان هەرلە کۆنەوە تائێستا چەند ناوێکی هەبووە، سەبارەت بەوەی کە دەگوترێت ناوەکەی لە(کفر) بێباوەڕییەوە هاتووە، دوورە لە ڕاستی و بەڵگەی زانستییەوە، تەنها لێکدانەوەیەکی زارەکییەو هچی تر. ناوی کفری چەند لێکدانەوەیەکی زانستی بۆکراوە. لەوانە کفری ناوەکەی لە داری (کفر) (گەز) (داری تەروو) هاتووە بەهۆی زۆری ئەم دارە لە لێواری شیو و چەمەکانی ناوچەی کفری کە بەزۆری دەڕوێت لەدەووروبەری و بەکاردێت بۆ ئاگرکردنەوە(الروژبیانی،،١٩٩٩، ص ١٩٢) هەروەها بە هۆی زۆری ماددەی (الکفر) کە هاوشێوەی قیر و بەردی خەلوزییە، لەبەرزایەکانی ناصالح لەبەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا بەرهەمدێت(بابان،ص ٢٥٤) هەروەها بشیر فرنسیس و گۆرگیس عواد، پێی وایە کفری لە ناوی (الکفر) وا تە قیر و زفتەوە هاتووە بە هۆی زۆری مادەی قیر لە ناوچەی کفری هەر لە کۆنەوە ئەم ماددەیە بوونی هەبووە و بەکارهاتووە طە باقر دەڵێت ناوی کفری نزیکە لە وەشەی (کفر) عەرەبی بەواتای جۆرێك لە قیر، بەزمانی ئاشوری و بابلی بە قیر وتراوە (کبرو)(باقر، سفر، ١٩٦٦، ص ٣٨). ئەوەی جێگای باسە بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ناوی کفری لەکۆنو و سەردەمی ئیسلامیدا بە چەند جۆرێك لەسەر چاوەکان تۆمارکراوە. کفری لەسەرچاوەکانی پێشزاین بە چەند شێوەیەك هاتووە. لەوانە لە سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەم (٢٠٥٠-١٩٥٠ پ.ز.) لە نووسراوە مێخییەکانی ئەو بنەماڵەیەدا بە ناوی (کیماش) تۆمارکراوە، باس لە فەرمانڕەوای ناوچەکە دەکات بەناوی (شێلیبوم) بەواتای ڕێوێ کە لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سۆمەر فەرمانڕەوای ناوچەی (کیماش)ی کردووە، بە بۆ چوونی شارەزایانی شوێنەوارناسان ناوی (کیماش) کفری ئێستا دەگرێتەوە، دواناوچەی قەڵایی سنوری بوون بۆ پاراستنی هێڵی گواستنەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بۆ ناوچەکانی خواروی وڵاتی نێوان دووڕووبار، سەرچاوەیەکی گرنگی قیربووە بۆ وڵاتی سومەر، کە بەکارهاتووە لە بواری بەلەم دروستکردندا. ناوی کفری کەدەکاتە بەشی باشووری کەرکوك لە نوسراوەکانی پاشای عیلامیەکاندا کاتێك هێرشی کردۆتە سەرئەم ناوچانە بەکیپرات (kiprat) وخوڕتو هاتووە لە تۆمارەکانیاندا نووسراوە و سەرچاوە عیلامی. لە نووسراوە ئاشورییەکاندا بە (کوپرو) بەواتای ناوچەکانی (کفری)ی ئێستا دەگرێتەوە(ئەحمد، ١٩٨٤، ص٣١).

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پێیان وتووە (کفری) لە سەردەمی ئیسلامیدا بە هەمان ناو هاتووە، گوایە دەوترێت ناوی کفری لە کتێبەکەی شەرەفەخانی بەدلیسی تاسەدەی (٣) کۆچی (٩)زاینی بەناوی کفرا بەڵام لە دوای هاتنی عوسمانییەکان بۆ کوردستان ناوچەکان زۆربەی ناوەکانیان گۆڕاوە لە ساڵنامە وبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ناوی نوێیان بۆدانەوە، بۆ نموونە کفری لە ساڵنامەی عوسمانی بەناوی قەزای صلاحیە تۆمارکراوە، بەڵام هەر لەساڵنامەکاندا دەڵێت ناوە کۆنەکەی کفری بووە(خضر. ١/٢٠١٤، ص ٢٢)

**٣:١- مێژووی کفری.**

بەهۆی ستراتیژیەتی ناوچەی کفری وگەرمیان بەگشتی یەکێك بووە لە ڕێگا ناوخۆییەگرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە کە ناوچەکانی بەغدا بە کەرکوك و بەرەو قەرەتەپە، هەروەها کفری ڕێگای دەرەکی بووە لە بەغدادەوە بۆ خانەقین و قەسری شرین بەرەو کرماشان و هەمەدان و ئەسفەهان دەڕوات(هەروتی، ٢٠١٤، ص ٣٥٠) بە هۆی گرنگی ناوچەکە بەردەوام خاڵی ناکۆکی نێوان دەوڵەتی سەفەوی وعوسمانی بووە لەسەر دەستبە سەراگرتنی ناوچەکە، ئەوهێزانە

هەوڵی ئەوەیانداوە لەسەر حسابی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بەبیانووی ئاینی وئابوری ڕامیاری وسەربازی پێگەی خۆیان بە هێزبکەن لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمارەتی بابانەکاندا بەتایبەت سلێمان پاشای گەورەی بابان (١١١٥ك. / ١٧٠٢ز.) وڵاتی بەبە زۆر بەرفراوان بوو تا زەنگا باد و مەندەڵی وکفری و جەسان تا پردێ و هەولێر و سنە لەژێر فەرمانڕەوای میرانی باباندابووە(زەکی بەگ. ١٩٨٩، ل ١٢٥) ئەگەرچی ناوچەی گەرمیان بەگشتی خاڵی ناکۆکی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی بووە دەسەڵاتدارانی بابان چەندین جار کفری و ناوچەکانی دەوروبەریان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان لە ساڵی (١٨١٢ز.) ئەوڕحمان پاشای بابان هێرشی دەکاتە سەر کفری و خستییە ژێر دەسەڵاتی ئەمارەتی بابان لە ساڵی (١٨٢١ز.) لە شکری محمد علی میرزای ئێران لەگەڵ عبدالله پاشای بابان یەکیانگرت و بە لە شکرەوە چونە سەر کفری بۆ بەرپەرچدانەوەی داود پاشای والی بەغداد(زەکی بەگ، ١٩٨٩، ل ١٠٥).

جەنگی نێوان هەمەوەندو میدحەت پاشای بەغداد لە ساڵی (١٨٧٦ز.) بەناردنی هێز بۆسەرکوتکردنی هەمەوەندەکان توانییان هێزی سواری چەرکەسی کە ژمارەیان (٥٠٠) سواربوو لە دوانزە ئیمام لە نزیك کفری لەلایەن هۆزی هەمەوەندەوە تێکشکان(زەکی بەگ. ١٩٨٩، ل ١٣٩)، هەروەها چەندین گەڕیدەی بەناوبانگ نیپور سەردانی شاری کفریان کردووە، لەساڵی (١٧٦٦ز.) سەردانی ناوچەکانی زەنگائابد لەنزیك کفری کردووە(نیبور،٢٠١٣، ل١٠٢.) لە گەشتەکەی ولیەم هیوود لەساڵی(١٨١٧ز.) لە ڕێگای کفری بەرەو ڕێگای کچان بۆ سلێمانی هاتووە گەشتەکەی ڕیچ (١٨٢٠ز) لەم گەشتەدا کە دەگاتە کفری لە لێواری چەمی کفری پاشماوەی خانووی کۆن دەبینێت لە بەردی مەڕمەڕ دروستکرابوون نەخش و زەخرەفەی لە سەر بووە هاشێوەی کەلاوەکانی بابل(نریمان، ٢٠٠٧، ل٣٥.)، هاتنی ئینگلیزەکان و داگیرکردنی شاری کفری لەساڵی(١٩١٨ز. (عزیز.٢٠١٣، لا٥٧) شۆڕشی ئایبراهیم خانی دەلۆ لەساڵی (١٩٢٠ز.) لەشاری کفری دژ بە داگیرکاری و زوڵمی ئینگلیزەکان، شاری کفری لەساڵی(١٩٢٢ز.) ڕووداوێکی گرنگی بە خۆبینیوە بەهۆی گەڕانەوەی شێخ مەحمودی حەفید لە هندستان دوای گەیشتنی بە شاری بەسرە بەشەمەندەفەر بەرەو قنگربان لەئاسکی کفری لە شەمەندەفەر دابەزیوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە وشارە ماوەتەوە لەماڵی سەید موحسین ئاغای کفری(نریمان ٢٠٠٧، ل ١٢٤).

**٢-١: چەمکی پاراستنی شوێنەوار:**

سەبارەت بە زاراوەی "پاراستنی شوێنەوار" ئاماژەیە بۆ ئەو کارە کارپێکراو و توێژینەوانەی کە لەلایەن پسپۆڕانی پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانەوە ئەنجام دەدرێن بە مەبەستی پاراستنی شوێنەوارەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، گەشتن بەئامانجی پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکان لە ڕێگەی کیمیا و فیزیا و زانستە تاقیکارییەکانی تر ئەنجام دەدرێت، بە بەکارهێنانی ئامێرە مۆدێرنەکان لەلایەن پسپۆڕانەوە،هەروەها گرنگی دیاریکردنی تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییەکانیان و دیاریکردنی توندی ئەو زیانانەی کە تووشی دەبن و دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی لەسەر بنەمای زانستی بۆ ئامادەسازی بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان، هەڵبژاردنی باشترین مادده کیمیاییەکان و گونجاوترین شێوازەکانی چارەسەرکردن گرنگە بۆ پاراستنی شتە دێرینەکان لە زیانەکان لە ئێستا و لە داهاتوودا. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە زاراوەی پاراستن لە واتاکەیدا گشتیتر و گشتگیرترە لە زاراوەی نۆژەنکردنەوە، هەرچەندە زاراوەی نۆژەنکردنەوە بە کۆنتر لە زاراوەی پاراستن لە بواری نۆژەنکردنەوە و پاراستنی شتە دێرینەکاندا دادەنرێت. بە

شـێوەیەکی نەریتی، میراتی کولتووری نـاوەنـدی "پـاراســتنی" هەســتی ئێمەیە کە ئێمە کێین. پەیوەنـدییەکی ڕەتنەکراوەمان پێدەبەخشــێت بە ڕابردووەوە – بە هەندێک بەها، بیروباوەڕ، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کە ڕێگەمان پێدەدات لەگەڵ کەسانی دیکەی وەک ئێمەدا خۆمان بناسێنین، هەستی یەکێتی و سەربەخۆیی و شانازی بەکۆمەڵمان قووڵتر دەکاتەوە(عبدالهادي ١٩٩٧ ص ١١) زاراوەی "پارا ستنی کولتووری" بۆ ئەو شوێن و شتانە ئەگونجێت کولتووری بەرجەسـتە و نامەحسـوسـی هەیە. ئەو شـتانەی کە کولتوری بەرجەسـتەن لە کاتی باسـکردنی تەلارسـازی و دیمەن و ئەدەب و هونەر و شوێنەوارەکاندا دێتە پێشەوە. فەرهەنگی نامەحسوس ئاماژەیە بۆ فۆلکلۆر و نەریت و زمان و بەها و مەعریفە. ئەم زاراوانە بەگشــتی ئاماژەن بۆ چەندین بابەتی جۆراوجۆر و چالاکیی و پاراســتنی کولتوور. بەڵام بۆ کۆمەڵگا جیاوازەکان، پارا ستنی هەندێک کولتوور و مێژوو و میرات زۆر گرنگە، چونکە بەهۆی نەبوونی هۆشیارییەوە، زۆرێک لە کولتوور و زمانەکان لە ناوچوون‌دان. ئەمەش زیانێکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی ب گشــتی. بەڵام، کە ئەمە دەگوترێ، ڕەنگە بتوانین هەنگاو بنێین بۆ دواوە و سـەیری وێنەیەکی گەورەتر بکەین(Carter J. C., 2005 p 36) زۆر لایەنی پاراســتنی کولتوری بەرجەســتە کە چیتر بوونیان نەماوە، یان کە گۆڕاون و پەرەیان ســەندووە بۆ فۆرمێکی جیـاواز. بەڵام ئەم چەمـک و دەســتکەوتـانە بلۆکی بنیـاتـانی مێژووییین بۆ ئەوەی ئێســتـا خۆمـان لەو شــوێنەدا دەبینینەوە.بۆ ماوەی سـی و پێنج سـاڵە، کاروباری کتێبخانەی میراتی ئاسـیا و هاوبەشـەکانی پاراسـتنمان سـەرنجی لەســەر پاراســتنی نەریتە حیکمەتە بەنرخ و بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتە. ئەو چەمکە بێ کا تانەی کە ئەم نەریتانە نوێنەرایەتی دەکەن، ئێستاش بەقەد ئەو کاتەی بە نزیکەیی سێ هەزار ساڵەی پێش ئێستا کە ئەم بیرۆکانە لە سەرەتادا بیریان لێکرایەوە، مانادار و پەیوەندیدارن.

ئەمریکا بیرۆکەی پاراستنی کولتووری لەگەڵ پاراستنی سروشت دەستپێکرد. کۆنفرانسێکی کۆشکی سپی لە ساڵی ١٩٦٥ داوای کرد کە راسـتگۆیی میراتی جیهانی' دروسـت بکرێت بۆ پاراسـتنی "ناوچە سـروشـتی و دیمەندار و شـوێنە مێژووییە نایابەکانی جیهان بۆ ئێســتا و داهاتووی تەواوی هاوڵاتیانی جیهان". رێککەوتننامەکە لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانســتی و کولتووری نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسـکۆ) ئەو شـوێنانەی کە گرنگییەکی تایبەت، کولتووری یان فیزیکییان هەیە و بەهای گشـتگیریان هەیە، دەخاتە ڕوو. ئەم شوێنانە وەک شوێنەوارە جیهانییەکانی یونسکۆ ناویان لێنراوە.

**٢-٢: چەمکی پارێزگاری کردن و نۆژەنکردنەوە(Restoration)**

چە مکی چاککردنە وە دارێژراوە لە زاراوەی ئینگلیزی (Restoration) (Georg Wolf, p1)بەکارهێنانی چە مکی چـاککردنەوە( میثـاق البنـدقیە لترمیم وحفـاظ المعـالم والمواقع، ١٩٨٤. ص ٣٤) کۆنترە لـە چە مکی نۆژەنکردنەوە( (Conservationلە بواری زانســتی نۆژەنکردنەوە وچاککردن وپاراســتن، بایەخ بە چاککردنەوەی شوێنەوارەکە دەدا لە سەر شێوازە رەسەنەکەی خۆی. وەك بیرۆکەیەکی سەرەکی بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان بەگشتی و بەتایبەت ئاماژەیەکی دۆکۆمێنتارییە بۆ گەڕانەوە بۆ مێژووی ڕەســەنایەتیەکەی باو باپیرانمان و زیندوو کردنەوەی داب و نەریتیە کۆنەکان بەبەرگێکی مۆدێرن و ڕەسـەن وەك ئەو پارێزگارییەی کە لە وڵاتانی میسـر و لوبنان و سـوریا

کراوە لە رابردووە(موسـی، (١٩٩١م)،،ص٣٤). پارێزگاری بەوە دەناسـرێتەوە کە بڕیار لەسـەر ڕەهەندی مانەوەی کەل و پەلی بەرجەستە ومەعنەوی دەکات، بۆ بونیاتنانی ژینگەیەکی لەبار بۆ پارێزگاری کردن لە تەواوی پاشماوە مرۆییەکان و سـروشـتیەکان، لە ژێر چاودێری دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت یان دەوڵەت لەسـەر ئاسـتی نێوەخۆی و دەرەوە(Marston Fitch, J 1998: P7-9). بۆیە چەمکی پارێزگاری کردن(الحفاظ) لە سـەرچاوە ڕەسـەنەکان بەم شـێوەیە هاتووە کە (پارێزگاری کردنی پاشـماوەکانی مرۆڤایەتی کە لە شـوێنەوار و کەلەپوور پێك دێت بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی پارێزگاری شوناس و ناسنامەی دەوڵەت هەژمار دەکرێت، وابەستەی دەقە تەشریعیەکانی دەوڵەت دبێت بۆ خزمەتکردنی سەردەمە تازەگەرییەکان).

**٢-٣: : گرنگی نۆژەنکردنەوە:**

نۆژەنکردنەوەی شـوێنەوار و تەلارە مێژووییەکان نەک تەنها شـوێنە بەنرخەکان بۆ داهاتوو دەپارێزێت، بەڵکو ڕابردووی وڵاتەکەمان دەپارێزێت. ئێمە وەک وڵاتێک مێژوویەکی درێژ و دەوڵەمەندمان هەیە و شـوێنەوارەکانمان ڕەنگدانەوەی ئەوەن. شوێنەوارەکانمان نوێنەرایەتی بینراوی مێژووی ئێمە دەکەن، بەڵگەیەک لەسەر توانای تەلارسازی باوباپیرانمانە. هەر لەبەر ئەو هۆکارەش ڕێگەدان بە تێکچوونی شـوێنەوارەکان، پشـتگوێخسـتنی هەموو ئەو مێژوو و وانەیەیە کە دەتوانین لێی فێربین. ڕزگارکردنی شـوێنەوارە دێرینەکان لە ڕووخاندن گرنگە بۆ گەشـەکردنی ئابووری ناوخۆیی لە مەودایەکی درێژخایەندا. نەک هەر پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکان کۆمەڵێک بیناکار، دیکۆرات، پیشـەوان، پیشـەسازی، و بەڵێندەران دەهێننە ناوەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئابووری ناوخۆییش بەرز دەکەنەوە لە ڕێگەی پیشـەسـازی گەشـتیاری و کات بەسـەربردنەوە کاتێک نۆژەنکردنەوەکان تەواو دەبن. نۆژەنکردنەوەی شـوێنەوارە مێژووییەکان دەتوانێت ڕێگەیەکی زۆر کاریگەر بێت بۆ بەرزکردنەوەی ئابووری ناوخۆیی وڵات(Preserving the past for the future, 2019. P143.) زۆر گرنگە کە پڕۆژەکانی نۆژەنکردنەوەی شـوێنەوارە مێژووییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام و درێژخایەن تەواو بکرێن. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە نۆژەنکردنەوەکە بە ئاسـانی بەڕێوەدەبرێت. کلیلی نۆژەنکردنەوەی بینا مێژووییەکان بریتییە لە پاراسـتنی موڵکەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. لە ئێسـتادا ڕای باو بووەتە ئەوەی کە لە جیاتی پاراسـتنی باڵەخانە و شـوێنەوارە کۆنەکان وا سـادەتر و سوودبەخشتر و هەرزانترە کە شوێنەوارە کۆنەکان بڕوخێنین و باڵەخانەی بەرز و نوێ و هەوربڕێکی بریقەدار دروست بکەین، کە ئەمە زۆر مەترسـیدارە و پێویسـتە بە وریایەوە لەگەڵ ئەم بابەتە مامەڵە بکرێت وپێویسـتە بیری خۆمانی بخیەنەوە کە ناتوانین و ناکرێت مێژوو و رابردوومان لەڕێگەی رووخاندنی شوێنەوارەکانمانەوە لەناوببەین( Raffaele Archivolti, 2014, p 56.)

پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە دێرینەکان ڕۆڵێکی کولتووری دەگێڕێت. شوێنەوارە کۆنەکان بەڵگەن لەسەر ئەو مێژووەمان کە پێش لەدایکبوونمان ڕوویانداوە و ڕێزگرتنە لەو کەس و سـەردەم و کلتورە جیاوازانەی کە لە کۆمەڵگە و کاتی جیاوازدا ژیاون. هەر شـوێنەوارێکی تەلارسـازیی بۆخۆی مێژوویەک و چیرۆکێکی لە پشـتە کە

پێویستە پارێزراو بن. پێکهاتە مێژووییەکان هەست و سۆزێکی دیاریکراو دەهێننە ئەو شوێنە کە خەڵک تێیدا دەژین. جگە لەوەش، نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارێکی کۆن زۆرجار زۆر هەرزانترە لە دروستکردنی باڵەخانەی نوێ.

**٣-١: هەنگاوەکانی نۆژەنکردنەوە..**

گرنگی دان بە نۆژەنکردنەوە بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی پارێزگاری کردن دادەنرێت لە زانستە شوێنەوارییەکان، تەنانەت لە ڕووی پرەنسیپی پارا ستن و داکۆکیکردن لە لایەن هزری هۆ شیاری کۆمەلایەتی، ئەوەی جێگرەوی ئەو زانستە تیۆرییانەیە بوونەتە بە شێك لە پارا ستنی ناوچە شوێنەواری و کەلەپووریەکان، ئەوەش دەبیتە هۆی گرنگی دان بە لایەنی تێکدا نەدان و لە ناو نەچوونی ناوچە شوێنەوارو کەلەپووریە کانی لە هەر فاکتەرێکی سروشتی و ومرۆیی بێت،بەلام ئەو هێزی سروشتیەی کە دەبێتە هۆی لە ناوچوون و شێواندنی ئەو ناوچانەی کە لە تەلار و کۆشك پاشماوە نەگوازراوەکانی شوێنەواری کەلەپووری پێکدێنن لە ڕووی لەدەست دانی ڕەنگ و شێوەی شاکاری ناوچە شوێنەوارییەکان لە رووکاری دەرەوەو ناوەوە ئەوەش لە دەر ئەنجام دەبێتە هۆی لەدەست دانی مۆرکی شوێنەوارو کەلەپوورییە ڕەسەنەکەی خۆی، سەیری وێنەوی ژمارە (١)





وێنەی (١) شێواز و ڕەهەندەکانی تیۆری تێکدانی پاشماوەی شوێنەوارو کەلەپوور لە ڕووی زانستیەوە. (توێژەر)

ئەوەی جێگای سەرنجە کە ئیدارەی گەرمیان زۆرترین کاری شێواندنی تێدا بەدی دەکرێت بەهۆی ئەوەی کەمترین هۆشیاری و ستراتیژی پارێزگاری کردن لە ناوچەکە بەدی دەکرێت. هەروەك لە وێنەکە دا دیارە کە زۆرترین دەستدرێژی لەسەر تەواوی تەلارو ناوچە شوێنەوارییەکان کراوە کە ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر مانەوەی پاشماوە شوێنەوارییەکان دروست دەکات هەر وەك لە تیۆرەکانی وێنەوکەدا دیارە (بروانە وێنەی ژمارە ٣). کەئەمانەن :

أ- ناوچە شوێنەوارییە نیمچە بەرزاییەکان : هەروەك دەبینرێت کە زۆرترین ناوچەی شوێنەواری لە شارۆچکەی کەلار و کفری کەوتونەتە ناوچە پێدە شتیە شاخاوییەکان، کەلە زۆربەی سەردەمە جیاوازەکان ئا ستی پارێزگاری کردن

تێیاندا لاواز بووە، وەك قەلای شێروانە. کە زۆرترین کات کەوتۆتە بەر شالاوی تێکدانی سروشتی و مرۆیی، کە ئەوەی پێشـبینی دەکرێت لە کۆن و تازە کاری بۆ کراوە بەڵام بەپی پێویسـت نەبووە سـەبارەت بەو جۆرە دەسـتدرێژیەی کە زۆرترین هەرەشەی لە ناوچوون لەسەر ناوچە شوێنەواریەکانی ئەو ناوچەیە بوونی هەبووە.

ب- فەرمانگەو دامەزراوە شـوێنەوارییە کەلەپوورییەکان: لەگەل فەرمانڕەوایی کردنی شـارۆچکەی کەلار لەلایەن حکومەت و لایەنە پەیوەندارە کۆن و هاوچەرخەکان گرنگی ئەوتۆی پێ نەدراوە بە بەشـێك لە تەلاری دامەزراوەیی و فەرمانگەیی بەکارهاتووی کۆن کە وەك شـوێنەوار و کەلەپوور مامەڵەیان لەگەل کراوە، کە ئەوەش نەبۆتە جێگای پـارێزگـاریکردنی و مـانەوەی نـاوچە شـوێنەوارییەکـان، خشـتەی (ژمـارە ١) کە ئەوەش کـاریگەری شـێوانـدنی توخمەسەرەکیەکانی بیناسازی بە روون و ئاشکرا تێیاندا بەدی دەکرێت، هەروەك لە قشلە و سەرای کفری و کەلار بەدی دەکرێت کە چەندین کارو چالاکی زانسـتی وۆرکشـوپ و سـیمپزیومی ناوەخۆی دەرەکی بۆکراوە هەر وەك لە خشـتەی خوارەوە بە رۆونی دادیارە کە چۆن مامەڵە لەگەل یەك لەدوای یەکی داتا و زانیارییە بەردەسـتـەکانی کۆن رابردوو دا کراوە




خشتەی(١) ماستەرپلانی زانستی و ئەندازەیی بۆ پارێزگاری کردن لە ناوچە شوێنەوارییەکانی گەرمیان(Ismai:2014, p79)

ئەگەر لەسەر بنەمای ناشەرعی و ناڕەسەنی شێواندنی شوێنەوارو کەلەپوری شارۆچکە کەلار و کفری ئەنجامدرا، چونکە ئەوە جۆریکە لە تیۆری پارێزگاری کردن لەسـەر شـوناسـی شـارسـتانیەتی شـارەکە. تەنانەت دەبێتە ڕایەڵەی مانەوەی شـاکارو پاشـماوە شـوێنەوارییەکان. کە بەشـێوەیەکی گشـتی ئەم جۆرە تیۆرە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی ئیسـلامی پەیرەو دەکرێت هەروەك لەژێدەرە بیانیەکان ئەم جۆرە تیۆرە پشـت راسـت کراوەتەوە( Architect's Journal1996, vol. 203, no. 21, , May, p. 12) سەرەرای بوونی چەندین توخمی جوانکاری بیناسازی نوێگەری و کۆن کە بۆ ناوچە کەلەپووری و شـوێنەوارییەکان کراوە، ئەو جۆرە پارێزگارییە کە چەندین ولاتی عەرەبی لە ئێسـتا

وەك پیشە و ئامرازی نوێکردنەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان بە تیۆری پاراستن رەگەزی ناوچە شوێنەواری و کەلەپوریەکان وەك هێماو سیمبول نیشان دەدرێن، سەرەرای بوونی نۆژەنکردنەوە دروستکردنی رێگاو بان لە ناوچە نیشینگەییەکان کە فاکتەرێکی ترە بۆ لە ناوچوونی ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان، بۆیە باشترین فاکتەری دوورخستنەوە و پارێزگاریکردنی ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان لەو جۆرە هێرشانە، پشت دەبەستێت بە گۆرینی بیرۆکەی نۆژەنکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە بەر کاری نوێکردنەوەو دروستکردنی ناوچە شوێنەواری و کەلەپووریەکان، بەپێی سەرژمێری بەڵگەنامەی عوسمانی چەندین پاشماوەی شوێنەواری و بیناو تەلاری گەرمیان لەسەردەمی عوسمانی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆرانکاریان بەسەر دا هاتووە، بەڵام لە چوارچێوەی توێژینەوەکە خشتەیەك ئاماژەیی پێکراوە کە چەندین ناو و سەرژمێری ناوچەکانی ئیدارەی گەرمیان دەخرێتە ڕوو هەر وەك لە وێنەکەدا هاتووە. خشتەی ژمارە(٢)

| بەپێی راپۆرتی بەلگەنامەکانی سەرژمێری ناوچە کۆن و هاوچەرخەکانی ناوچەی گەرمیان دەخەینە ڕوو کە کەوتونەتە بەر هێرشی نوێکاری | | | |
|---|---|---|---|
| بابەتی بینا و تەلارە شوێنەوار و کەلەپوورەکان | ژمارەکانیان | بابەتی بینا و تەلارە هاوچەرخەکان | ژمارەکان |
| مزگەوتەکان | ٨ | مزگەوتەکان | ٢٠ |
| قوتابخانە شوێنەواریەکان | ٤ | قوتابخانەکان | ٦ |
| کلێساکان | ١ | نەخۆشخانەکان | ١ |
| خانووەکان | ٢٣٨ | رێگا و بان | ٣٨ |
| بازارەکان | ٣ | خانووە کۆنەکان کەنەماون | ١٢٣ |
| خانەکان | ٦ | | |
| قشلەکان | ٢ | | |

خشتەی ٢) ناو داتا بەپیسی شوێنی شوێنەواری و هاوچەرخ بەپشت بەست بەسەرچاوەی هۆبەی بەدواداچوون و دەستدرێژیەکانی ئیدارەی گەرمیان.

### ٣-٢: پلانی نوێ فەرمانگە شوێنەوارییەکان بۆ بونیاتنانەوەی ناوچە شوێنەوارو کەلەپورییەکان بەشێوازەی کۆن.

زۆربەی ناوچەکان و شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە چەندین پلانی تۆکمە کەلە لایەن دامەزراوە فەرمییەکان دەردەچێت، بۆیە بە چەندین قۆناغ و رەوگەی جۆراو جۆر لە تێپەر دەبێت، کە سەرەکیترینیان گەرانەوەیە بە چاوگی سەرەکی پاشماوە شوێنەوارییەکە، بە تایبەتی لایەنی بیناسازی و هێماو زەخرەفەکانی سەر دیوارو پارچە شوێنەوارییەکان، ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار لە یەکەم رەوگەی کاری نۆژەنکردنەوەکی

گرنگی پێنەدا، ئەوا هیچ ڕۆڵێکی ستراتیژی پارێزگاری کردنی ناوچەکە نامێنت، کە ئەوەش لە ڕێگای ماستەر پلانەکە کارەکە ئەنجامدەدرێت، بە کۆکردنەوەی هەموو بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی تایبەت بە ناوچە شوێنەوارییەکە، بۆیە زۆربەی پلانەکان سەبارەت بە پارێزگاری کردنی ناوچە شوێنەوارییەکان و کەلە پوورییەکان دەروازەیەکی زانستی و کارگێری تایبەتمەند دێنێتە کایەوە بۆ توخمە سەرەکییەکانی پاشماوە شوێنەوارییەکان. کە لە زۆربەی پلانە نێودەوڵەتیەکان بەم شیرازە و ئاکارە ڕەسەنە کاردەکەن(سامی: ١٩٩٠، ص ١٤). کە ئەمانەن. بروانەی ئەم وێنەیەی خوارەوە.

**أ- نۆژەنکردنەوەی زانستی:**

کۆمەڵێک تەکنیکی هاوچەرخ هەیە کە لەم ڕۆژانەدا بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکان بەکاردەهێنرێت و بە شداری دەکات لە پارا ستن و نۆژەنکردنەوەیان و چاککردنەوەی ئەوانەی کە زیانیان پێگەیشتووە، بارودۆخی شوێنەوارە دێرینەکان بەپێی ئەو دۆخ و شێوازەی پارێزراون دەمێننەوە، وەک گۆڕە داخراوەکان کە لە دەستکاری کردن و بەرکەوتن بە بارودۆخی جۆراوجۆر پارێزراون کە ڕەنگە ببێتە هۆی زیان بۆیان، بە چەندین بارودۆخی سرو شتی و مرۆییەوە تێپەڕیوە، ئەم جۆرە شوێنەوارە دێرینانە پێویستی بە چارە سەرکردن و پارا ستنی ورد هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە تێیدا بووە بۆ مەبەستی هونەری و جوانکارییەکەی.

وێنەی ژ (٢)



وێنەی ژ (٢) قەڵای شێروانە کەلار (توێژەر)

وێنەی قەڵای شێروانە. لەساتی نوژەنکردنەوەدا. ئەرشیفی فەرمانگەی شوێنەواری گەرمیان

١- پارێزگاری کردن لە بەها جوانی و سمبولیەکان ئەرکی سەرەکی پلانی بونیانتانەوەی ناوچەکانە، بەتایبەت ئەم جۆرە برگەیە دەکەوێتە سەر ئەو ژینگەی کە پاشماوە شوێنەوارییەکە مۆرکی ڕەسەنی بۆ دەگەڕێنێتەوە.

٢- بەدەســـت هێنانی کەرەســـتەی بیناســـازی و کەلە پەلە هاوشـــێوەکان کە تۆکمەی پراکتیزە کردنی پلانی بونیاتنانەوە فەراهەم دەکات.

٣- هەلبژرادنی ئەو شوێنە سەرەکیانە کە پەیوەستە بە نیشاندانی پاشماوە شوێنەواری و بیناسازییەکانی کە جۆرێکی تری مانەوەی پلانی کارکردنەکەیە.

٤- دابینکردنی گوژمەی پێویســـت بۆ جێبەجێکردنی پلانی کارنامەی بونیاتنانەوە، بۆ ئەوەی پرۆژەکە بە سەرکەوتووی بێتە بەرهەم، بۆ دواجار ئەو ناوچانە دەبنە هۆکاری بەدەست هێنانەوەی شارستانیەتی کۆن کەلەپووری و دوبارە تۆمارکردنەوەیان لە ئەجێندای کاری دەوڵەت.

ب- **تۆمارکردنی ناوچە شــوێنەوارییەکان** زۆربەی زانســتەکان پشــت دەبەســتێت بەچەندی میکانیزمی تیۆری و پراکتیکی لە ژێر ڕۆشــنایی ئەو جۆرە شــرۆڤانەی کەلەلایەن زانســتە ســەرەکی ولاوەکیەکانی تایبەت بە زانســتی شوێنەوار. کەلە سەرەتا هەڵبژرادنی ناوچەکە بە پلەی یەکەم دێت و دواتر لە لایەن پسپۆرانی شوێنەوار چەند وەرزێك کاری کنە و پشــکنینی بۆ دەکەن بۆئەوەی ســەرەچاوی مێژووەکەی و ناوەکەی بکەنە ناســنامەی ناوچە شــوێنەواری کەلەپوریەکان(انیس،١٩٩٨ ص ٤٥)، لەســاتی هەڵبژاردنی ئەو میکانیزمی کارکردنەی کە لەگەڵ ژینگەی ژیان و گوزەرانی خەلکی ئەو ناوچەیە دەگونجێت، یاخود تاچەند خەلکە هاوکار دەبن لە تۆمارکردنی ناوچە شـوێنەوارییەکان لە ژێر پلانی زانســتی تۆمارکردن هەروەك لە زۆربەی ولاتانی بیانی پەیرەو دەکرێ. تەنانەت هەندێ جار خەلکی ناوچەکە لەبەر بوونی بەهاو نرخێکی زۆری ناوچە عەقارییەکان و نرخی زەوی و خانووە گرانبەهاکان لە نزیکی ناوچە شوێنەوارییەکان رێگە نادەن میکانیزمی تۆمارکردن ئەنجام بدرێت.

ج- ڕووپێوی ناوچە شوێنەوارییەکان.

لە ســاڵی ٢٠١٤ دووبارە کاری رووپێوی لە ناوچەی کفری کراوە لە ناوچەی پێبازۆك و ناحیەی رزگاری و تا ناوچەی صالحیە و کفری ئێستا دە ستی پێکردەوە و تا ئێستا بەردەوامە، هەروەها مرۆڤی ناوچەکە بۆ یەکەم جار توانی ڕاوی ئاژەڵە ئاویەکانی وەک ماســی و ســەگی ئاوی بکات وەک ســەرچاوەیەکی گرنگی ئابوری لە ماوەی وەرزی گەرما و مـانەوەیـان لە کەنـار ڕووبـارەکە ســودیـان لێوەرگرتووە(Roux, G., 1992 p. 40) بۆ دروێنە کردنی ئەم دانەوێڵە کێویانەش سوودیان لە داسی دروستکراو لە بەرد و ئێسکی ئاژەڵ وەرگرتووە و نمونەی داسیش لە هەڵکۆڵینەکانی گوندەکەدا دۆزراوەتەوە کە بە بڕوای سۆلێکی ئەم چاڵانە بۆ هەڵگرتن و کۆگاکردنی دانەوێلە بەکارهێنراون و لە کاتێکی دیکەدا ســودیان لێوەرگیراوە کەلە ئەشــکەوتی شــانەدەر بە ڕوون ئاشــکرای دەبینرێت لێرەشــەوە ئەم جۆرە بیرۆکە تەشـەنەی کردووە(Solecki, R.S. 1958. p. 105) دوای ئەوەی ناوچەکە لەلایەن دامەزراوەی شـوێنەوار راگەیاندنی فەرمی بۆ کراوە، دواتر کاری کنە پشکنین بە فەرمی لە ناوچە شـوێنەوارییەکە کاری لەسـەر دەکرێت، ئەوەش لەڕێگای گرێبەستی فەرمی لە نێوان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو تیمەی کە ریگە پێدراون کاری کنە پشکنینەکە بخەنە ئەســتۆی خۆیات هەروەك ماوەیەك بەر لەئێســتا تێمیکی ئیتالی لە ناوچەی پێبازۆك کاریان کردووە. کە ئەوەش وەك بنەماییەك چەندین قوتابی و خاوەن پســپۆری شــوێنەوار بەشــداریان لە کاری کنەو پشــکنینەکە کردووە بە هاوکاری

دامەزراوەی فێرکاری وەك زانکۆ و پەیمانگاکان، کە هەروەك لە وڵاتانی تری ناوچەکە کارنامەی زانستی کارگێڕی پەیرەو دەکەن(قسم : السید ١٩٩٨، ص ٢٠٩-٢٢٨)). هەروەکو کلۆدیوس جیمس ریچ لە گە شتەکەی ئەو جۆرە بیرۆکەی پارچەی شوێنەواری ڕەوانەی وڵاتی بەریتانیا کردووە، کە لەچەند پارچە دەقێکی مسماری کە لە مۆزەخانەی لەندەن پارێزراوە لە ئێستادا(علی: ٢٠١٩، لا ٦٤.). وەهەروەها هنری لایارد لە گەشتەکەی دا بۆ شاری ئیستەنبۆل لە گەڵ قونسولی بەریتانیا لە تورکیا پشتیوانی لە لایارد کرد، بۆ ئەوەی گرنگی بە کاری گەریدەی بۆ شوێنەوار و کەلەپور بکات، تەنانەت هەندێك لە ئامراز و ئامانج پێویستن بۆ بەرجەستەکردن کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان کە ئەمانەن :

أ- کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ناوچە شوێنەوارییەکان بە پشت بەستن بە هەر شرۆڤەیەکی زانستی و تاری زانستی، ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی کورت و پوختیش ئاراستە کرابێت.

ب- دروست کردنی ژووری کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بۆ ئەوەی توێژەر و پشکنەر کەتالۆکی زانیارییەکان بخنە بەرنامە و پەیرەی زانستی کنە و پشکنین.

ت- ئامانجی کنە پشکنین دەبێتە هۆکاری پەرەسەندنی هۆشیاری زانستی بۆ توێژەر و پشکنەر لەسەر بنەمای گەران بە دوای زانیاری و پاڵنەرێکی سەرەکی بێت بۆ ئەوەی لە دوای کۆکردنەوەی زانیاری لە هاوشێوەی کاری کنە وپشکنینی هاوشێوەی ناوچەی هەلبژێردراو بکرێت.

ث- ئەو پەیرەوەی توێژەرو پشکنەری شوێنەواری پشتی پێ دەبەستێت بۆ تۆمارو کاری کنە پشکنین کۆمەڵێك بەستەری زانستی دروست دەکات، دواتر بە شێوەی ڕاپۆرت و پەیامبەر و پاشماوەی شوێنەواری، دەبێتە هۆکاری بەرەو پێشبردنی ئامانجی سەرکەوتوو لە کاری کنە پشکنین.

دانانی چەندین زانیاری پەیوەست بۆ سەرکەوتنی کاری کنەو پشکنینەکە کە بریتین لە هاوکاری زانستی کە لە زانستەکانی ئەندازیاری ڕووپێوی و ئەندازیاری تەلارسازی، پسپۆرانی بایلۆجی و کیمیاو فیزیك بە ڕەهەندی سەرەکی دەژمێردرێن بۆ ڕای کردنی کاری کنە پشکنین

**٤-١: جۆرەکانی پێشێلکاری:**

١- فۆرمەکانی دەستدرێژی لە دەستبەسەرداگرتنی زەوی میسردا دەردەکەون، کە لە ڕاستیدا بەشێک بووە لە بینایەکی شوێنەوار کە بە کردەوەیەک ڕووخێنرا یان لە ئەنجامی فاکتەری کۆن ڕوو خا دەرکەوتنی جۆراوجۆری زیانەکان کە لە پێشێلکارییەکانەوە سەرهەڵدەدەن:

١- گۆڕانکاری لە سروشتی بینا کۆنەکە یان گۆڕانکاری لە شێوازی بیناکەدا. ئێمە ڕێگەمان پێدا لە تەنیشت باڵەخانەکە خانوو درو ست بکات، ئەمەش بووە هۆی دزەکردنی ئاوەڕۆ و خۆراکدانی ئاو، بووە هۆی شێی دیوارەکان و بڵاوبوونەوەی خوێ(.(Darvill, T.C. and Wainwright, G. 1994.. p-24

٢- لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم شوێنانە بۆ نیشتەجێبوون، سۆپای غاز و سۆپای نەوتی سپی بەکاردەهێنرێت، ئەمەش وادەکات باڵەخانەکە تووشی ئاگرکەوتنەوە و دروستبوونی کۆڵ لەسەری ببێت و بەمەش دیکۆراتەکانی دەشێوێت. ئەمەش گۆڕی (کفری کۆن) دەگرێتەوە.

٣- دروستکردنی بینای تەنیشت شوێنەوارەکان و زیانەکانی لێکەوتەوە لە ئەنجامی زیادبوونی باری ئەم شوێنە هەڕەمەکیانە لەسەر شوێنەوارەکانی دراوسێ. جگە لە دزەکردنی ئاوی ئاوەڕۆی دواتر و ئەو خوێ و شێیەی کە دەیگوازێتەوە بۆ بناغەکان و دیوارەکان.

٤- سیفەتی میراتی شوێنەکە لەدەستچووە و لێی داماڵراوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بینای کۆنکرێتی کوالیتی خراپی دیزاینی تەلارسازی، ئەم خانووانە پێشتر لەسەر تەلارسازی میرات هەڵدەفڕین و سیما شارستانی ناوچەکەیان سڕیوەتەوە

٤-٢: سەرچاوەی گەرمی بەرز.

چوونە ژوورەوەی ئامێرە مۆدێرنەکان لەوانەیە ببێتە هۆی لەرزین لە ئەنجامی کارکردنیان.بەستنەوەی خزمەتگوزارییەکان بە وەرشەکانی ناوچەکە (ئاو - کارەبا - ئاوەڕۆ) و خراپ بەکارهێنانیان ( Artifacts Might Mean, Michal Press p34).

٤-٣: پرۆژە حکومییەکان:

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی زیانەکانی مرۆڤ، بەو پێیەی نوێنەرایەتی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوچە شوێنەوارییەکان دەکات و ڕاستەوخۆ هەڕەشەیان لێدەکات، هەروەها بریتییە لە:

١. پڕۆژەکانی ئاودێری.

٢. پڕۆژەکانی فراوانکردنی کشتوکاڵ.

٣. پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ.

٤-٤: ئاگرکەوتنەوە:

لە گۆڕانکارییە کیمیایی و کانزاییەکان لە کەرەستەی بیناسازی لە بەرد و خشتەوە، بەتایبەتی بەردی لیمۆ، کە بەهۆی پلەی گەرمی بەرزەوە دەگۆڕدرێن بۆ لیمۆی ئازاد، کەم لە ڕەقبوون، خێرا دەشکێنرێت و ئاسان بەهەڵم دەبن لەگەڵ ئاو، و ئاگرەکان بەگشتی دەبێتە هۆی درزکردن و داڕمانی بیناکان بە تەواوی.

٤-٥:کەمتەرخەمی:

وەک چۆن وازهێنان و پشتگوێخستنی بینا شوێنەوارییەکان بەبێ دانانی چوارچێوەیەکی کارایی دیاریکراو نوێنەرایەتی ڕەهەندێکی مەترسیدار دەکات لە زیان و لەناوچوونی بیناکاندا. هەرچی فەرهەنگی پەرتوکە زانستیەکان ئاماژەبەوە دەکات کە زۆربەی ناوچە شوێنەواری کەلەپورییەکان بە سەراییەکانیشەوە لە چەندین ژووری زۆر پێکهاتووە و هۆڵ و دیوەخانی گەورە و پڕ لە باخچە و دەروازەی تەیبەتی و کۆشکی بەرز و گەرماو لەناو مەیدانی گەورە لە ناوەڕاستدا بۆ جلیت بازی و ڕابواردن کراوە وەک قەڵا. بەڵام یاقوتی حەمەوی لە باسی کاروانسەرادا تەنیا بە ماڵی بازرگانیی دادەنێت. وێنەی ژ ٣



وێنەی ژ ٣. سەرای کفری دوای نۆژەنکردنەوە فۆتۆ –توێژەر

وەک لە وێنەکەدا دیارە ئەمە دەروازەی ســـەرەکیی ســـەرای کفری بووە لە کۆندا، کەرەســـتەی ئەم دەروازەیە لە سـکۆتلەندا دروسـت کراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی ١٩ز، جۆری ماددەی دەرگاکە ئاسـن و پۆڵایە و بەوە نا سراوە کە زۆر قایم بووە لە سەردەمی خۆیدا بۆ پارێزگاری کردن لە سەرای کفری بەکارهاتووە. دەروازەیەکی شێوە لاکێشەییە بە باری ستووونیدا. وێنەی ژ ٤)



وێنەی ژمارە (٤) دەروازەی سەرەکی کفری فۆتۆ –توێژەر

دوای ئەوەی ئەم جۆرە شێوازەی دەروازەی کفریمان دەستکەوت تێروانینی زانستی بۆ بکەین دەبنرێت کە بیناسازی سەربازی و کارگێری پێویستی بە شێوەیەك لە دەروازە هەیە کە نمایشی دەسەلات و دەستەی کارگێری بکات. تەنانەت شـــێوازی بونیاتنانەکەی بەشـــێوەیەکی جوان و دیزانێکی ئەندازەیی تۆکمە بونیاتنراوە. کە لە چەندین ریز و پەروازی بەردی مەڕمەڕ چوارچێوەیەکی روپۆش کروی بۆ ســـاز کراوە. ســـەرباری ئەوەی کە بیناکارەکانی کە دەســـتیان لە دروستکردنەکەی هەبووە لە دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان هاتوون. بە پشت بەستن بە شێوازی دروستکردنی




*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تەواوی خانو و تەلاری بیناســازی ســەردەمی عوســمانیەکان و ســەفەویەکان کە لەســالانی ١٨٨١ز کە ئەو کات عوسمانییەکان کۆتا وەچەرخانی مێژوویان بووە


**٥-٥: بیناسازی دەروازەو و رارەوی سەرەکی بازاری کۆنی کفری.**

ئەم (رارەوە) سەرەکیترین بە شی بازارەکەیە، بەشێوەی هیلیکی راستە لەبەشی باشوورەوە بۆ باکوور. ئەم بەشەی رارەوێکی شـێو لاکێشـەیی هەیە، دووکانەکان کە بە یەکەوە نوسـاون و لکاون (١٥٠)دووکانن بە شـێوەیەکی ریك بەلای راست و چەپیدا دابەشبوون. درێژی ئە م رارەوە (١،١٧م)ە، پانیەکەی(٤م)ە، بەرزییەکەشی (٤،٥٠م)ە،. دووکانە کانی ئەم بەشــە لەرووی دروســت کردن و شــێوازی بیناســازییەوە تا رادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن. دووکانەکان بە گشــتی بە شێوەیەکی چوارگۆ شەیی درو ست کراون، بە گشتی درێژی هەریەك لەم دووکانانە (٢م-٢،٣٠م)ە , پانیەکە یان(١،٧٠-٢م)ە، بە رزییەکەشیان(١،٨٠-٢م)ە، (بروانە وینەی ژمارە ٥) ە، دووری هەر دووکانێك لە دووکانێکی ترەوە. واتا ئەستوری ئەو دیوارەی دەکەوێتە نێوانیان(٤٠-٤٥سم)ە. میچی (سەقف) ئەم دووکانانە بەشێوەیەکی نیوە بازنەی دروست کراون (بروانە هیلکاری ١) (وینەی ژمارە ٥). لە بە شــی ناوەوەی هەریەك لەم دووکانانە رەف دروســت کراوە، کە بۆدانان و پیشاندانی کەلوپەلەکان بەشێوەیەکی رێکتر بەکارهێنراوە. ئەم رەفانە بەشێوەیەکی رێك بە هەرسی لای دووکانەکاندا درو ست کراون. ئەم رەفانە لە دووقات پێکدیت، بەرزی رەفی یەکە م(٨٠ سم)ە، پانیەکە شی(٣٠ سم)ە، رەفی دوومیش بەرزیەکە ی(١،٦٠م)ە، پانیەکەشــی(٢٥ســم)ە، دووری نێوان ئەم رەفانە واتا رەفی یەکەم و رە فی دووە م(٦٧ســم)ە کە رارەوی دوکانەکان. دەرگای ئەم دووکانانە لە دار دروســت کرابوو، بەلام لە ئیســتادا بەهۆی رووخانی بەشـێکی زۆر ئەم بازارەوە بەهۆکاری ئاوە هەواوە هیچ نموونەیەکیان نەماوەتەوە هێلکاری ژمارە (٢)



هێلکاری ژ(١ هێلکاری دوکانەکانی قەیسەر کۆنی کفری






هێلکاری ٢ کەوانەو یەکەی دوکانەکان وێنەی ٥ : کەوانە و دوکانی بارزاکە فۆتۆ –توێژەر

١ – دەروازەی باشوور.

ئەم دەروازەیە دەکەوێتە بەشی باشووری بازارەکەوە. واتا سەرەتایی رارەویی سە رەکی بازارەکە. بەلام لە ئیستادا بەتەواوی روخێنراوەو بەشـێوەیەکی رووخاو دەردەکەوێت. بۆیە دەتوانین بلێین شـێوە رەسـەنەکەی بە تەواوەتی لە ناو چووە (بروانە وینەی ژمارە ٦) وە ئەم دەروازەیە یەکێکە لە دەروازە سەرەکیەکانی بازارەکە. هیلکاری ژ (٣)






هێلکاری ژ ٣ : دەروزاەی باشوور  وێنەی ژ ٦: دەروازەی باشوور فۆتۆ –توێژەر

٢ – دەروازەی رۆژهەلات.

ئەم دەروازەیە دەکەوێتە بەشـی رۆژهەلاتی بازارەکەوە لەپشـت مزگەوتی گەورەوەیە، وەتا سـەرەتایی قەیسـەری کوردەکان. ئەم دەروازەیەش روخێنراوە و هیچ  شوێنەوارێکی نە ماوەتەوە (بروانە وێنەی ژمارە ٧) وە ئە م دەروازەیە بە یەکێك لە دەروازە لاوەکیەکانی بازارەکە دادەنرێت. هێلکاری ژ ٤






هێلکاری ژ ٤: دەروازەی رۆژهەلات   وێنەی ژ ٧ : دەروازەی رۆژهەلات فۆتۆ –توێژەر

٣ – دەروازەی باکووری رۆژهەلات.

ئەم دەروازەیە دەکەوێتە بەشـــی باکووری رۆژهەلاتی بازارەکەوە. واتا کۆتایی قە یســـەری بەرگ دوورەکان. ئەم دەروازەیەش لە ئیســـتادا بەتەواوی بەهۆی ئاوە هەواو هۆکاری جۆراوجۆرەوە روو خاوە (بروانە هێلکاری ژ٥) ئەم دەروازەیەش بەیەکێك لە دەروازە لاوەکیە کانی  بازارەکە دادەنر ێت. دوای ئەوەی بیرۆکەی نۆژەکردنەوەکە ئەنجام بدرێت بەم شێوە کاری نۆژەنکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت بەپێی ئەم هێلکاریە خوارەوە.




هێلکاری ژ ٥: سکێچ لاینی دوکانەکان و دەروازەی باکوری رۆژهەلات

٤ – دەروازەی باکوور.

ئەم دەروازەیە دەکەوێتە بە شی باکووری بازارەکەوە. واتا کۆتایی قەیسەری دارتا شەکان. ئەم دەروازەیە بە شێکی کەمی ماوەتەوە و بەشێکی زۆریشی رووخاوە. شێوەیەکی سادەیی هەیە و تەنانەت عەقدێکی نوك تیژە (مدبب) پانی ئەم دەروازەیە (٤،٨٠م) ە، بەرزیەکەشـــی (٤،٩٠م) ە.(بروانـە وینەی ژمـارە ٧ ئەم دەروازەیە بەیەکێـك لە دەروازە سەرەکیەکانی بازارەکە دادەنرێت.

**دەرگا و دەروازەکانی کۆشکی مەجید پاشای بابان (کفری):**

یەکێکە لەخانووە کەلەپوریە تایبەتیەکان لەشـاری کفری، کەدەکەوێتە لای باشـوری شـارۆچکەی کفری و دەڕوانێت بەسەر بازاڕی گەورەی کۆنی کفری (قەیسەری)، مێژووی ئەم خانووە دەگەڕێتەوە بۆساڵی(١٨٧٨ز). خانووەکە بە بەردی سـپی و گەچ دروسـتکراوە، ئەوەش کەئەم خانووە جیا دەکاتەوە، بوونی نەخش ونیگارە، نەخشـەکانیش پێکدین لە چەندین لە جۆر لە نەخشـی (ڕووەکی، ئەندازەیی و گیانداری ئەفسـانەیی)، هەروەها بەشـێك لە دیوار و ناوپاقە داخراوەکانی بە نەخشـی شـووشـەیی لە شـێوەی موزایك ڕازینراوەتەوە. خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆیەکێ لەکەسایەتیەکانی خانەوادەی شاهانەی شاری کفری بە ناوی (مەجید پاشای بابان). هێلکاری ژ ٦. وێنەی ژ ٨.




هێلکاری ٦. کۆشکی مەجید پاشا – کفری.



وێنەی ژمارە (٨)، کۆشکی مەجید پاشای بابان، فۆتۆ – توێژەر

**یەکە بیناســـازیەکانی خانوەکە:- - دەروازەکان:** ئەم خانوە لە دوو دەروازەپێکهاتووە، کەدەروازەی ســـەرەکی خانووەکە دەکەوێتە لای خۆرهەڵاتی و دووریەکانی دەروازەکەش) ١،٨٠*٢،٦٢م، ڕووی ســـەرەوەی دەروازەکە لەبەرد درووســـتکراوە، لەشـــێوەیەکی لاکێشـــەیی دایە کەنەخش و نیگاری ئەندازەی تێدایە زارکی دەرگاکەش پێکهاتووە لە تەختەکە بۆناوەوە دەکرێتەوە (وێنەی ٩-١٠)، بەلام دەرگاکەی تری دەکەوێتە ڕۆژئاوا، کە بچوکترە لە دەرگا سەرەکیەکە لە بەردی مەڕمەڕ دروستکراوە.



وێنەی ژ ٩ :یەکێک لەدەرگاو کەوانەکانی کۆشکی



وێنەی ژ١٠: کەوانەی دەروازەی ڕۆژئاوای خانووەکە مەجید پاشا

**دەر ئەنجام و راسپاردەکان**

لەبەر ڕۆشـــنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە ئەو لێکۆڵینەوە و بایەخ و گرنگی دان بە سـیسـتەمی دەوڵەتداری و پاراستنی شوێنەوار بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان توانایی پارێزگاری کردن لە شوناس و شوێنەوار و کەلتووری خۆی بکات.. بەڵام گریمان ئەو ڕەهەندانە نەهاتە بەرهەم ئەو هێزی ئەم وڵاتە بە هەموو شـێوەیەکی سـەربازی بەرگری لەو نیشتمانە دەکات لە ڕێگای قەوارە سیاسیەکان..

١- گرنگی دان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕۆڵیکی کاریگەریان هەیە لەسـەر چاندنی هۆشـیارکردنەوەی تاکی کورد لە ڕێگای خێزان و قوتابخانە دامەزراوەپەروەردەییەکانی تر، بەمەبەسـتی هاندانی زیاتر بۆ بلاوکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتیە ئەرێنیەکان بەگشتی و ئەوانەی تایبەتن بە بواری ڕێکخستنەوەی شوێنەوارو ناساندنی یاسای پاراستنی شوێنەوارو ناسنامەی دەوڵەت.

٢- بەرزکردنەوەی هە ستی بەرپر سیاریەتی کادیری شوێنەواری لەمبەر خ ستەڕووی ئەو زانیارییانەی کە تایبەتە بە بابەتی توێژینەوەکە ئەوەش لە ڕێگای کردنەوەی خولی ڕاهێنان و پەرەپێدان بە تواناکانی شـوێنەوار ناسـانەوە بە هەمەهانگی لە نێوان بەشی شوێنەوار لە زانکۆکان و دامەزراوە شوێنەواریەکان ناوەخۆی دەرکی ئەنجام بدرێت.

٣- سەربەخۆی دامەزراوە شوێنەوارییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دامەزراوەیەکی فەرمی تایبەتمەند.

٤- بابەتی شـوێنەوار وەك یەكێك لە زانسـتە سـەرەکیەکان لە پەیرەو و پرۆگرامی خوێندان جێگای بۆ فەراهەم بکرێت، نەوەك وەك زانستێکی لاوەکی سەیر بکرێت.

٥- چالاکردنی کاری چاودێری کردنی ناوچە شـوێنەواریەکان کە لە لایەن چەند گروپ و تاقمێك لە دەرەوەی یاسـای پاراستنی شوێنەواری کە مامەڵەو کرین و فرۆشتنی پیوە دەرکێت. بۆ ئەوەی ئەو کارە قێزەو وونە بنبڕ بکرێت.

٦- کەڵك وەرگرتن لە تیمە بیانیەکان لە پاراسـتنی شـوێنەوار و کەلەپوور لە ڕێگای هەڵگرتن و پاراسـتنی پارچە شوێنەوارەکان لە مۆزەخانەکاندا.

٧- بەردەوامی دان بە کاری کنەو پشـکنینی زانسـتی بۆ ئەو ناوچە شـوێنەوارییانە کە گریمانەی ئەوەیان لەسـەر مێژووی کورد بە شێوازێکی زانستی تر بنوسنەوە.

٨- گەرانەوەی سـیسـتەمی بیناسـازی و مۆرکی ڕەسـەنایەتی ناوچە شـوێنەواریەکان کە مەبەسـت لە ڕووی ناو ناوەرۆکەوە ڕەچەڵەکیان گۆردراوە.

٩- گرنگی دان و بە بازرا کردنی ناوچە شوێنەواریەکان وەگەرخستنیان بۆ کەرتی گەشتیاری.

١٠- کارکردن لەسـەر پرۆژە یاسـایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە پاراسـتنی شـوێنەوارو کەلەپوور بۆ زیاتر دەسـت نیشـان کردنی ناسـنامەی گەلان و گەلی کوردیش بەدەر نیە لەسـەر بەندەکانی یاسـایی ڕێکخراوەکان لەسـەر مانەوەی شوێنەوارەکانی ئیدارەی گەرمیان.

١١- دەرکەوتنی ئاین و ڕۆڵی لە کۆنترۆلکردنی هەلسـەکەوتی تاکەکان لەسـەرتانسـەری جیهان کاریان وێران کردن و سـرینەوەی شـارسـتانیەت بووە لەسـەر بنەمای ئەوەی کە بوونی شـوێنەوارەکان زیندوو ڕاگراتنی پەرسـتشـی بت

پەرسـتیە، کە ئەمەش ڕێگا خۆشـکەر بۆیان کە سـڕینەوە و تێکدانی شـوێنەوار و کەلەپوور کاری پێشـینەیان بێت بۆ ئەوەی هیچ شارستانیەتێك بوونی نەبێت لەسەر دیمۆگرافیای کوردستان.

---

١٢- كارپێكردنی یا سای پارا ستنی شوێنەوار و كەلەپووری هەرێمی كورد ستان بۆ زیاتر زامنی چارەنوو سی میلەتی كوردە كە ئەویش لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئەو ئەم ولاتە هاتە بەرباس و وەك تاكە یا سا مامەلەی لەگەل دەكرێت. خستیانە كار بۆ ئەوەی یاساییەك هەبێت بۆ داكۆكی كردن لە مانەوەی شوێنەوار و كەلەپوور تەنانەت لە دەقی یاسایەكە هاتووە كە دەڵێت بەرگری كردن لە مانەوەی شوێنەوار ئەركی هەمووانە.

**سەرچاوەکان**

یەکەم سەرچاوە کوردییەکان:

- برادۆ ستی، احمد؛ زێدان ڕە شید خان اودل هونەرفخرالدین، ٢٠١٧بازاری كۆنی شاری كفری، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- هەرۆتی؛ سـعدی عوسـمان 2014، كوردو كوردسـتان لە بەڵگە نامەو سـەرچاوە مێژوویەكاندا، چاپخانەی موكریان، چاپی یەكەم، هەولێر.
- عزیز؛ سهیل خورشید ٢٠١٣،، مێژووی ناوچەی كفری لە كۆنەوە تاسالی ١٩٨٥، چاپخانە ئەیاد، چاپی یەكەم،.
- علی: دلێر محمد: ٢٠١٩ شـوێنەوارو ئاسـایشـی نەتەوەیی لە هەرێمی كوردسـتان – عێراق، نامەی ماسـتەر – كۆلێژی ئاداب زانكۆی سەلاحەدین
- نیبور؛ كارسـتین 2013 سـەفەرنامەی نیبوور لە سـەدەی هەژدەدا، وەرگێڕان: ئەردەڵان عەبدوڵلا، چاپخانەی موكریانی، هەولێر،
- نریمان؛ مصطفی 2007 شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ١٩٢٠، چاپی دووەم، گەرمیان.
- صالح؛ ئاراس حمە، 2021مێژووی مزگەوتی گەورەی خورماڵ، چاپخانەی سارا، چاپی یەكەم، سلێمانی،

دووەم سەرچاوە عەرەبییەکان

- باقر: طە،١٩٧٣م. مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمە – مطبعە الحوادث ج١ – بغداد١،
- ئەحمد؛ جمال ڕشید ١٩٨٤، دراسات كوردیة فی بلادسوبارتو، دار افاق، بغداد،
- سامی: عرفات،١٩٩٠. نظریات العمارە، دار المعارف، القاهرە
- شـعیا انیس١٩٩٨: اسـتخدام التقنیات الحدیپە فی علم الاثار، ابحاپ مؤتمر الاثار والتراپ الحضـاری العربی الرابع عشر ط١، مطبعە الشارقە، الإمارات العربیە المتحدە،
- الخال: شیخ محمد ٢٠٢١، البیتوشي الشیخ معروف النودهي البرزنجي، الطبعة الأولی،
- باقر: سفر؛ طە، فؤاد ١٩٦٦، المرشد الی مواطن الاثار والحضارة، الرحلة السادسة، بغداد حلبچە، بغداد،

- العزاوی؛ عباس، 1948عشائر العراق مج٢ الكورديه، مطبعه المعارف.
- عبدالهادي- د.محمد١٩٧٧- دراسات علميه في ترميم وصيانه الاثار غير العضويه-مكتبه زهراء الشرق- القاهره.
- قسم : السيد : صديق محمد، عبدالرحمن على ١٩٩٨، ا ستخدام التقنيات الحديثه فى تسجيل وتوثيق المواقع والمقتنيات الاثريه، ابحاث مؤتمر الاثار والتراث الحضارى العربى الرابع عشر ط١، الشارقه ابريل.
- الروژبیانی؛ محمد جميل بندى ١٩٩٩، مدن كردية قديمه تأريخها، جغرافيتها رجالها وعلمائها و أودبائها، الطبعة الاولى، السليمانيه،
- موســى،عبدالغنى: مجدى محمد، جمال الدين (١٩٩١م)، فلســفه البناء بمناطق الاثار، منشــورات المؤتمر العلمى الاول، كليه الفنون الجميله، جامعه حلوان، مصر،
- ميثاق البندقيه لترميم وحفاظ المعالم والمواقع، ايطاليا بندقيه، ١٩٨٤.

سێیەم سەرچاوە بیانی و فارسییەکان

- علی؛ رابەر انور ١٣٩٦.، فضـا وجامعه شـهركفرى در اواخر دوران عثمانى، پایانامەی ماسـتەر، دانیشـگاه تهران، دانیشگده ادبيات وعلوم انسانى، تهران،

چوارەم : گۆڤارو توێژینەوە زانستیەکان

- دەروێش، محمد؛ عیزەدین جمعە، ارام حســن ٢٠١٧.، تایبەتمەندییە ســروشــتییەکانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٤)، زانکۆی گەرمیان،
- عبد الله، عبدالله، علی؛ هاوســەر ابراهیم کاکە، احمد عزیز، خالید ولی ٢٠١٩.، شــیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لەقەزای کفری، زانکۆی گەرمیان کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان،
- خضر، البرادوستی؛ ئاراس اسماعیل، زیدان رشید خان اودل ٢٠١٦، قباب جنائیزیة گۆڤاری راپەرین ژ ٢٢.
- احمد؛ ئامانج فواد، ٢٠١٨شـێوازی دابەشـبوونی شـوێنی نشـینگە دێهاتییەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانگۆی گەرمیان ژمارە ٥، زانکۆی گەرمیان.

**پێنجەم : سەرچاوە بیانییەکان :**

- Architect's Journal1996, "Listing Plans Rouse Fears of too many Conservation Areas", Architect's Journal, vol. 203, no. 21, , May, p. 12
- Carter J. C., *Discovering the Greek Countryside at Metaponto*, Ann Arbor, University of Michigan, 2005 p 36
- Darvill, T.C. and Wainwright, G. 1994. The Monuments at Risk Survey: an Introduction. *Antiquity* 68. p-24
- Georg Wolf, Cultural monuments – protection of historical monuments, Mannheim2p 1
- Giorgio Torraca, Porous Building Material Science for Architectural Conservation, Icc Rome. 1981, p 50.
- Importance of saving historical monuments, Raffaele Archivolti, CEO of Graphite S.R.L 2014, p 56.

- Marston Fitch, J 1998: Historic pre servation curatoral management of the built word, University press of Verginia Charlottesville & London.P7-9
- Pickard, R.D. 1996, Conservation in the Built Environment, England: Addison Wesley Longman Limited p. 226.
- Preserving the past for the future, Concrete Renovations, 2019. P143.
- Roux, G., 1992. Ancient Iraq. Penguin UK p. 40
- Solecki, R.S. 1958. The 1956–1957 seasons at Shanidar, Iraq: A preliminary statement. Sumer XIV, part 1& 2 p. 105
- The Destruction of the Archaeological Record, Sydney jones.p 1
- What Centuries of Damage to Ancient Egyptian Artifacts Might Mean, Michal Press p34